# دوا سروود بؤ شةهيدان ... بةشي (2) ... ئةحمةدي مةلا

زستانی شەهادەتە و ئەمجارە سواری ئەستۆم دەبێ. منی زەلیل راودەنێ. بە کۆڵانە تەسکەکانی شانەشا بێ رەخسارەکەم دا رەدووم دەکەوێ. دەمگرێ و نامگرێ. ئەم تارماییە لە کۆڵم نابێتەوە. ئەم کابووسە ویژدانمی لە مشت دایە و جەستەم وەك پەمووی دەستی هەللاج بە ئاسمانێکی تەسك دا پەڕشوبڵاو دەکاتەوە. خۆم دەبینم چۆن شی دەبمەوە و چۆن سەر پەراسووەکانم دەکەون. هەر پەراسوویەك ژێیەکە و غەمێکی لێوە فیچقە دەکا، غەمێکی لینجە، رشانەوەیەکی سوێرە و دەموچاوتان سواغ دەدا و رادەبوورم و مەسخێکم لە مەسخ!!!!!
دوێنێ لەم کوونە شاخ بۆ ئەو کوونە شاخ لە دەمامکی نوێ دەگەڕان... لەم قووتەیەوە هەڵدەهاتن بۆ ئەو قووتەیە.. دەستی شەیتانیشتان ماچ دەکرد... بە دزییەوە نامەتان لە گەڵ سێبەر دەگۆڕییەوە... لەشکرتان هێنایە سەرم، لەشکری سیاهی بێ سیما.
زستانێکی تووشە و هەراسنم دەکا.
راکشاوم لەم گۆڕەی کەس نەیدۆزییەوە، کەس بە دووی دا نەگەڕا،
کەس سۆراغیکی نەکرد... وا لەم نزیکانەم، رەنگبێ لە ژێر پێی سەرۆکێ بم، رەنگە لە ژێر جووتێ پۆستاڵی نوێ بم، رەنگە تەنها دەمی بلدۆزەرێ کەمۆکەیەك بەرەو هەتاوی حەقیقەت بەرزم کاتەوە...
قوڕوچڵپاوێك هەڵساوە، بەفری کۆبووەوە هەزارانساڵەیە و دەتوێتەوە... جومجوومە زیوینییەکەم دەشواتەوە... جومجومەیەکی چکۆڵانە بوو، جومجومەیەکی ئازیز، کەوتە دەست نەیارانەوە.. وێنەی جەللادم بینی، لێی ورد بوومەوە هەر بە من دەچوو، هەمان خوێنی من بە دەمارەکانیا دەگەڕا، هەمان زمانی هەبوو، هەمان روانینی شیرینی هەبوو، بەڵام ئەو جەللاد و من شەهید! ئەو شەهید و من جەللاد... شتەکان وەك بەنێکی ئاڵۆزکاو لە گەرووم گیر دەبوو....
منی رەنگدانەوەی قووڵایی ئاوێنەکان، بە هەزار تەرح دەشکامەوە سەر خۆم و وێنەی راستەقینەم نەدەدرەوشایەوە...
منی شەهید، فرۆشرام و بە هەندێ دراوی سواو گۆڕدرامەوە!
دێتەوە یادم تۆپەڵە پەرۆم دەجوی وشەم دەکرد قوڕ و لە شەویلاگەکەم دەگەڕام... دۆزیمەوە... بەڵام... ئێئێئاخخخخخخخ!!!!!!
سەگێکی هار گازی لێگرتبوو... دەیلێسییەوە... کەڵبەی پێ تیژ دەکرد و پاشان لە ئاقاری عەدەمێك دا تەنها کازێوەی وشە، وشەی بەتاڵ، وشەی ڤاڵ دەیشووشتەوە. هەندێ جار سەیری خۆم دەکەم، پیتێکم نەدەدرکێم، نە دەکەومە سەر زارێ، نە هەڵدێم وەك ستارەیەك، تەنها نغرۆ دەبمەوە ناو خۆم و بە دیوی خۆما دەشکێمەوە.
ئێستاش هەست بە هیچ شتێك ناکەم... لە ئەشکەوتێکی تاریك دا حەپسم و نیشتیمانەکەم درۆیەکە لە زاری جادووگەران...
وڵاتەکەم تەڵە لە دوای تەڵە بۆ خۆی دەنێتەوە. وڵاتەکەم هەمیشە هەر هەڵدەپەڕێ...
هەڵدەپەرێ... هەڵدەپەرێ بە بچووکترین ئاواز
هەڵدەپەرێ لە سەر سووکترین نیاز

هەڵدەپەڕێ و شەقامە تەسكەكان بە سەر دەكاتەوە
هەڵدەپەڕێ و تەپوتۆزیش هەڵدەپەڕێنێ
هەلدەپەڕێ كاتێ یەكێ دەبێتە سەرۆك
هەڵدەپەڕێ كاتێ یەكێ نابێتە سەرۆك
هەڵدەپەڕێ كاتێ هەڵیدەپەڕێنن
هەڵدەپەڕێ كاتێ هەڵیناپەڕێنن
هەڵدەپەڕێ لە دەوری ئاگر
هەڵدەپەڕێ لە دەوری زوقم
هەڵدەپەڕێ كە دەگریێ
هەڵدەپەڕێ كە پێدەكەنێ
هەڵدەپەڕێ كە دەدۆڕێ
هەڵدەپەڕێ كە دەیدۆڕێنن
هەڵدەپەڕێ كاتێ دونیا شیوەن دەكا
هەڵدەپەڕێ لە بەر دەرگای زیندان، لە بەر دەرگای سوڵتان، لە بەر دەروازە زلە داخراوەكەی نیشتیمان.
نیشتیمانەكەم چەند پەراسوویەكە و هەر كەسێ پێیدا هەڵبگژێ قورگی لەكازێوە گیر دەبێ....
نیشتیمانەكەم لە تاراوگە شەنگ و لە وڵات ناشرین...
وڵاتەكەم وەكو خۆمان دوو دەمامك رووخسارەكەی دادەپۆشێ...
وڵاتەكەم دووفاقەیەكە بە ملی هەموومانەوەیە...
وڵاتەكەم رەزامەندە ئازاد نەبێت...
رەزامەندانە شەرمەزارە...
وڵاتەكەم لە دەوری هیچ دا دەخوولێتەوە...
وڵاتەكەم شاعیران بەخێو دەكات تا هەراش نەبن..
وڵاتەكەم لە ناخی ناخی دا دەترسێ سەربەستانە سەما بكا، سەربەستانە بگرێ، سەربەستانە بترسێ.
وڵاتەكەم تەنها هەر شەهیدی ئازا بەخێو دەكا.

٢٠٠٥